ئەسپرین بخۆم یان نەیخۆم

د. یاسین محێدین

ئەسپرین یان Aspirin acetylsalicylic acid، یەکێکە لەبەناوبانگترین ئەو دەرمانانەی کە ڕەواجێکی زۆری لەهەموو شوێنێکدا هەیە، هەر ئەو دەرمانەیە کە لەسەدەی ڕابردوودا بیلۆنەها مرۆڤی لەتاو نۆرە دڵە- سنگەکوژێ[1] و ئازارە ڕۆماتیزمییەکان[2] ڕزگارکردو تائێستاش بەچارەسەرێکی ناوازە دادەنرێت لەنێو ئەلتەرناتیڤەکانیدا. تەنانەت بۆتە یەکێك لەو حەپانەی کە زۆرترین بڕی بەرهەمدەهێنرێت و دەفرۆشرێت، زیاتر لەسەدەیەك لەمەوبەر کاتێك دەرمانسازە ئەڵمانییەکان لەتاقیگەکانی بایەر بۆ بەرهەمهێنانی ماددە کیمیاوییەکان ناوی ئەسپرین - یان نا لەترشی ئەستیل سالسیك و لەو کاتەوە ناوی ئەسپرینبەکارهات.

مێژووی ئەسپرین

مرۆڤی دێرین هەر لەسەدەها ساڵ بەر لەدۆزینەوەو ئامادەکردنی لەکارگەکاندا لەساڵی 1853دا بەئەسپرین ئاشنابووە، بەڵام لەساڵی 1899 دا ناوی ئەسپرینی لێنرا کە وشەیەکی ئەڵمانییە.

گریك و هندییە سورەکانی هەردوو ئەمریکاو میسرییە کۆنەکان گەڵاو چینی ژێر توێکڵی لق و قەدی داری بی[3] یان بەکاردەهێنا بۆ چارەسەرکردنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەشلەکاتی تالێهاتنو چارەسەرکردنی سەریەشەوئازاری ڕۆماتیزم، ئەو بەشانەی داری بی- یان دەکردە ناو ئاوەوەو ئاوەکەیان دەخواردەوە. هۆکاری کاریگەری ئەمشێوازە لەچارەسەرکردن بەهۆی داری بی، بۆ بوونی ماددەی سالسین Salicin دەگەڕێتەوە کە بەبڕێکی زۆر لەم ڕووەکەدا هەیە. ئەم دارە لەناوچە مامناوەندەکان و نزیك ئاوی ڕووبار و کارێز و ئاوەڕۆکەکان گەشەدەکات.

دەرمانسازە ئەڵمانییەکان تێبینیان کرد گەردی سالسین لەلەشدا بۆ شێوەیەکی چالاك دەگۆڕێت. پوختەی ژێر توێکڵی قەدی داربی هەر لەساڵی 1757 ەوە

ئامادەکراوەوتامی زۆرتاڵبووە.

بوخنەر دەرمانسازی ئەڵمانی لەپەیمانگای میونخ هەوڵیداوە ماددە کاراکەی ئەم پوختەیە ئامادە بکات، بەڕاستیش توانی ماددەی سالسینی لەشێوەی دەرزی کریستاڵی ڕەنگ زەردی‌تام‌تاڵدا، دەستبکەوێت.

لەفەڕەنساش هولیروا دەرمانسازی فەڕەنسی توانی لەهەمانساڵدا ئەم ماددەیە ئامادەبکات. لەهەرسێ ڕەتڵ لەداری بی توانرا ئۆنسێك لەماددەی سالسین ئامادەبکرێت -هەر ئۆنسێك یەکسان بوو بە 124,8 گرام یان 119 گرام واتە بەپێی مەزهەبەکان دەگۆڕا.

بەڵام لەساڵی 1833دا ئە.مرك دەرمانسازی ئەڵمانی بەناوبانگ توانی لەتاقیگەکەی خۆیدا ماددەی سالسینی خاوێنتر ئامادەبکات و زۆر هەرزانتریش بوو لەپوختەی خاوێننەکراوی داری بی کە پێشتر ئامادەدەکرا. لەئیتاڵیاش ڕافائیل بیریای دەرمانساز ماددەی سالسینی ناونا ترشی سالسیلك Salicylic acid، هەر ئەو دەرمانسازە پێشتر ڕووەکێکی دیکەی دۆزییەوە بەناوی مروجی شیرین کە زەیتێکی بۆنخۆشی تیادایە و لەو زەیتەدا ئەستەرەکانی ترشی سالسیلك هەیە کە یەکێکە لەبەرهەمەکانی ترشی سالسیك و وەك چارەسەر بۆ چەورکردنی پێست بەکاردێت و هاوکات بۆ هێورکردنەوەی ئازاری ڕۆماتیزمیش، ئەم ماددەیە ناونرا ئەسالیسلین asalicylin.

لەساڵی 1874 دا فریدیك هایدن دەرمانسازی ئەڵمانی توانی لەکارگەیەك لەدریسدن-ی ئەڵمانیا سالیسن دروستبکات و نرخیشی لەسالیسینی سروشتی هەرزانتر بێت.

ماددەی سلسەلاتی سۆدیۆمی هێنا کە لەئاودا دەتوێتەوەو ترشی کەمترە لەسالسین -ترشی سالسیلك. هەر لەساڵی 1876 ەوە ئەم ماددە نوێیە بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکانی ڕۆماتیزم و کەمکردنەوەی پلەی گەرمی لەش لەکاتی تا لێهاتن و سەریەشەدا بەکارهات و بوو بەدەرمانێکی میللی لەدوای ئەوەی هوفمان-ی دەرمانساز ڕێگای ئامادەکردنەکەی لەتاقیگەکانی بایر ئاشکراکردو ناوی لێنا ئەسپرین، پیتی A ئاماژەیە بۆ بەرهەمی Acelyl و بەرهەمی Spirin هێمایە بۆ وشەی Spirsaure ی ئەڵمانی کە ماددەیەکە لەزەیتی ڕووەکی مروجی شیریندا هەیە.

ناکۆکی هەیە سەبارەت بەئاشکراکەری ئەسپرین یان بۆ یەکەمجار کێ دروستیکرد، هەندێك بۆ ئارسەر ئیچنگرون-ی یەهودی دەگەڕێننەوە کە کیمیازانێکی ئەڵمانی بوو لەبەندیخانەکانی نازییەکاندا زیندانی کرابوو، نازییەکان تۆمەتباردەکەن بەوەی ناوی ئارسەر ناهێنرێت بەهۆی بنەچە یەهودییەکەیەوە، بەڵام هەندێك ڕای دیکە بۆ هوفمان-ی دەرمانسازی ئەڵمانی دەگەڕێننەوە.

ئسپرین وەك چارەسەر

ئسپرین بەوە دەناسرێت دژی سەریەشە[4] و هەوکردنە هێورکەرەوەی ئازارەو دژی تایە لەنەخۆشە درمەکانداو دژە مەیینی خوێنە و ئەمە وادەکات خوێن شلتر بێت و دڵ لەتۆرە دڵییەکان و مەرگی کتوپڕ دەپارێزێت بەتایبەتی سنگەکوژێ یان گیرانی خوێنبەرەکان، هەروەها بۆ هێورکردنەوەی ئازاری درێژخایەن و توندی ڕۆماتیزم و نەخۆشی گورگەسوارە ئەوانەی بەهۆی سوربوونەوەی پێستەوە دەناڵێنن. لەم حاڵەتانەدا پێویستە پزیشك ئسپرین بۆ نەخۆش بنوسێت، بەڵام بەژەمی کەم، نەخۆش لەم بارانەدا سوود لەئەسپرین وەردەگرێت هەرچەندە کاریگەری لاوەکیشی دەبێت لەنێوانیاندا هەوکردنی گەدە یەکێکە لەو کاریگەرییانە. پێویستە بەکارهێنانی ئسپرین لەژێر چاودێری پزیشکدا بێت تا نەخۆش تووشی خوێنبەربوون نەبێت کە لەهەندێك حاڵەتی دەگمەندا نەخۆش دوچاری خوێنبەربوونی مێشك دەکات. لەو نەخۆشانەدا کە هەستیارییان بەرامبەر بەئسپرین یان بەرهەمەکانی سالسیل هەیە یان تووشی بەرهەنگی -ڕەبۆ- بوون یان فشاری خوێنیان بەرزە، ناجێگیر یان کۆنترۆڵنەکراوە یان نەخۆشی گورچیلە یان لەجگەریان هەیە یان خوێنبەربوونێکی توندیان هەیە، پێویستە لەسەر ئەو پزیشکەی کە سەرپەرشتی چارەسەرکردنی نەخۆشەکە دەکات هاوسەنگی بکات لەنێوان بەردەوامبوونی نەخۆش لەسەر بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە کە سالسیلیان تیایە، یان نا بۆئەوەی ژیانی نەخۆشەکەی دوچاری مەترسی نەکات. هەروەها پێویستە ڕەچاوی ئەوەبکرێت ئەسپرین کاریگەری بۆ

سەر ئەندام و فرمانەکانی جەستەی نەخۆش هەیە، بەکارهێنانی دۆزی زۆر لێی لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەستدانی توانای بیستن یان زرنگاندنەوەی گوێ بەهەمیشەیی.

لەوانەیە ئەم نیشانانە لەو کەسانەدا دەرنەکەون کە تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکانی بوون و بڕی کەم لەئەسپرین دەخۆن.

زانکۆی هارفارد لێکۆڵینەوەیەکی کلینیکی بڵاوکردەوە و ئاشکرایکرد زۆرێک لەو کەسانەی تووشی سنگەکوژێ یان نۆرەی توندو ئازاراوییەکانی دڵ بوون بەدەست نەچوونی خوێن بۆ ماسولکەی دڵ دەناڵێنن، ئەوانەش تووشی جەڵتەی دەماخ بوون لەڕێگەی بەکارهێنانی ئسپرینەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان یان چاوەڕواننەکراو ژیانیان لەمردن ڕزگارکراوە. لەحاڵەتی کێشە توندەکانی دڵدا مژینی دوو دەنك حەپی ئسپرین لەناو دەمدا دەشێت چارەسەربێت، چونکە مژینی یان سوینەوەی لەناو دەمدا وادەکات خێراتربێت لەقوتدانی ووەك دەشزانین لەو حاڵەتە دژوارانەدا دەقیقە بایەخی خۆی هەیە بۆ ماسولکەی دڵ، چەندە زیاتر چاوەڕێمان کرد ئەوەندە نەخۆش زیاتر زیانی لێدەکەوێت، بۆ خۆپاراستنیش، رۆژانە خواردنی یەك دەنك ئسپرینی منداڵ یان نیو حەپ لە ئسپرینی ئاسایی، بڕێکی گونجاوە.

هەندێك لەدژە زیندەکانی وەك ستربتومایسین و جنتامیسین دەبنە هۆی لەدەستدانی توانای بیستن لەبەرئەوە وا بەباشتر دەزانرێت لەگەڵیاندا ئسپرین بخورێت بۆ ڕێگەگرتن لەڕوودانی ئەو حاڵەتە، ئەم دژە زیندانەش بەشێوەیەکی بەربڵاو لەهەموو جیهاندا بەکاردەهێنرێن، چونکە دەبنەهۆی لەناوبردنی بەکتریای نەخۆشییە درمەکان کە بەرگرییان دژی دژەزیندەکانی دیکە

هەیە.

هۆکاری ڕوودانی لەدەستدانی توانای بیستن بەهۆی بەکارهێنانی ئەو دژەزیندانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بەکتریایە ڕەگی ئازاد -بەرەڵا- لەگەڵ ئاسن لەناو لەشدا دروستدەکات، ئەم ڕەگانەش بریتین لەگەردی ناجێگیر و خانە زیندووەکان تێکدەدەن بەتایبەتی ئەو هەزارەها موویە خانە وردیلانەی لەگوێی ناوەوەدان، بەمەش نەخۆش توانای جیاکردنەوەی دەنگەکان لەدەستدەدات یان تووشی لەدەستدانی هەمیشەیی توانای بیستن دەبێت، بەڵام ئسپرین و بەرهەمەکانی سالسیل ڕێگە لەکەڵەکەبوونی ئەم ڕەگە ئازاد و زیانبەخشانە دەگرن کە زیندەکان دروستیدەکەن.

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە نەخۆشی شەکرە دەبێتە هۆی زیادکردنی ماددەی سرومبکسان Thromboxane کە دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی پەڕەکانی خوێن Platelet لەخوێنداو ڕوودانی جەڵتە یان گیرانی لوولەکانی خوێن، لەبەرئەوە خواردنی بڕی کەم لەئسپرین سوودی هەیە لەکەمکردنەوەی دەردانی ئەم ماددەیە کە دەبێتە هۆی مەیینی خوێن، بەمەش ڕوودانی نۆرەی دڵ کەمدەکاتەوە یان ڕێگە دەگرێت لەڕوودانی هەر لەبەر ئەم هۆکارە پێویستە هەموو کەسێك بەر لەبەکارهێنانی ئسپرین دڵنیابێت لەوەی ئامادەیی بۆ خوێنبەربوون نییە، چونکە ئسپرین مەیینی خوێن دوادەخات، هەروەها پێویستە ئەو کەسانە نەیخۆن کە تووشی پشێوییەکانی کۆئەندامی هەرس بوون یان برینی گەدە یان دوانزە گرێیان هەیە یان نەشتەرگەری ئەنجامدەدەن.

لەلایەکی دیکەوە دەرکەوتووە بەکارهێنانی دۆزی زۆر لەئسپرین کاراییەکەی کەمترە لەشلکردنەوەی خوێندا و ئاشکرابووە ئسپرین و

دەرمانە ناستیرۆیدییەکان کە ڕێگرن لەهەوکردن و ئازار ڕێگەدەگرن لەڕوودانی شێرپەنجەو وەرەمەکان کەمدەکەنەوە بەتایبەتی لەحاڵەتی شێرپەنجەی کۆڵۆن و سورێنچك و گەدەدا.

لەسەرەتای هەزارەی سێیەمدا ئسپرین بەشێوەیەکی بەربڵاو هاتە ناو بواری پزیشکییەوە، چونکە کۆنترۆڵی زۆرێك لەهەوکردنەکان دەکات کە بەهۆی نەخۆشییە جۆراوجۆرەکانەوە ڕوودەدەن، چونکە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەردانی ئەنزیمی کۆکس 2(2COX) کە دەبێتە مایەی هەوکردن و ئازار بۆ نەخۆش. زیادبوونی ئەم ئەنزیمە پەیوەندی هەیە بەهەوکردنی جومگەکان و نەخۆشییەکانی کۆڵۆن و شێرپەنجەو نەخۆشی ئەلزایمەر.

خواردنی دەنکێك ئەسپرین بەرلەخەوتن بۆ ئەو کەسانەی شەکرەیان هەیە بەسوودە، چونکە پەنکریاس بۆ دەردانی ئنسۆلین چالاکدەکات کە شەکر بۆ وزە دەگۆڕێت، هەروەها بەرگریکردنی خانەکان و هەستیارێتییان بۆ ئنسۆلین کەمدەکاتەوە. دۆزی گەورە لەئسپرین ڕێژەی شەکر لەمیز و خوێندا لای ئەو کەسانەی شەکرەیان -جۆری 2- هەیە، کەمدەکاتەوە ئەگەر نەخۆش ماوە ماوە بۆ چەند ڕۆژێك خواردی.

ئسپرین بۆ شێرپەنجەی کۆڵۆن و کۆم بەسوودەو وەرەمەکان لەو شوێنانەدا کەمدەکاتەوە، چونکە لەپۆلیپی لقدار Multiple Polyps دروستدەبن کە بریتییە لەزیادەی پێکهاتوو لەبارستایی شانەیی لەناوپۆشی ئەندامەکانی وەك لووت و میزەڵدان و گەدە دەردەکەون لەوانەیە ڕێ لەو ڕێڕەوانە بگرن کەتیایدا گەشەدەکەن، شێرپەنجەی کۆم و کۆڵۆنیش پەیوەندی هەیە بەڕێژەی زیادبوونی پرۆستاگلادنیینەکان لەدیوارەکانیاندا کەدەبێتەهۆی دەرکەوتنی ئەمجۆرەی شێرپەنجە. ئیسپرین وەك دژەئۆکسانێك بوونیان لەگەڵ ڕەگە ئازادەکاندا کەمدەکاتەوە. ئەوکەسانەی بەردەوام ڕۆژانە ئیسپرین دەخۆن، واتە هەفتەی 6-4، فرسەتی دەرکەوتنی ئەم نەخۆشییە لەلایان کەمدەبێتەوە. هەروەها پارێزگاری ژن دەکات لەتووشبوون بەشێرپەنجەی مەمك و هێلکەدان و منداڵدان تەنانەت ئەگەر وەرەمی ڕژێنی یان شێرپەنجەی کۆمیش هەبێت، دەکرێت ڕۆژانە 325ملیگرام بخورێت بۆ خۆپاراستن لەونەخۆشیانە، ئەم ژەمە زیادانەش ئەگەری ڕوودانی تۆرەدڵی کەمدەکاتەوە. لەتوێژینەوەیەکدا لەسەنتەری مایوکلینیك، ئسپرین و دەرمانە ناسترۆئیدییەکانی هەوکردنی ڕۆماتیزم، نەخۆش لەشێرپەنجەی پرۆستات دەپارێزێت، بۆ کەسێك تەمەنی سەروو 60سال بێت ڕۆژانە خواردنی یەك حەپ ئەسپرین بەسە، بۆخۆپاراستن لەوحاڵەتانە.

لەنەخۆشی ئەلزایمەردا دەرکەوتووە هەوکردنەکانی مێشك دەبێتە هۆی نەخۆشییەکە و سەلمێنراوە ئەو کەسانەی ژەمی کەم ئەسپرین بۆ خۆپاراستن لەنەخۆشییەکانی لوولەکانی خوێن و دڵ یان هەوکردنی جومگەکان بەکاردەهێنن، ئەوا کەمتر تووشی ئەلزایمەر دەبن، بەمشێوەیە کەسانی بەتەمەن پارێزگاری لەیادەوەری و زانیارییەکانیان دەکەن لەگەڵ بەساڵاچووندا ئەگەر بەشێوەیەکی بەردەوام ئسپرینیان بەکارهێنا.

هەروەها ئسپرین و پاراسیتامۆل و دەرمانە ناستیرۆئیدییەکانی دیکە کە دژی ئازارەکانی ڕۆماتیزمن وەك ئیبۆپرۆفین، پلەی گەرمی لەش نزمدەکەنەوە لەکاتی تا لێهاتندا، چونکە لەسەر ئەو بەشەی مێشك کاردەکەن کە گەرمی ڕێکدەخات و مێشك ئاماژە بۆ لوولەکانی خوێن دەنرێت تا فراوانبن و بەمەش گەرمییەکەبەخێرایی دادەبەزێت.

خواردنی ئسپرین

هەندێك ڕێنمایی تایبەت هەن پێویستە لەکاتی خواردنی ئسپریندا ڕەچاوبکرێن، لەوانە: نابێت لەسەر گەدەی بەتاڵ بخورێت و لەگەڵیدا نابێت خواردنەوە کهولییەکان بخورێتەوەو بڕی ڕێگە پێدراویش لەڕۆژێکدا نابێت لە 4 گرام تێپەڕێت.

نابێت لەخۆوە بێ ڕاوێژی پزیشك بەمنداڵ بدرێت لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و تووشبوون بەنەخۆشییە درمەکان، تەنانەت ئەگەر ئسپرینەکە ئسپرینی منداڵیش بوو، هەربۆیە لەسەر پاکەتەکەی هۆشمەندی دراوە کە بەبێ پرسی پزیشك بەکارنەیەت، چونکە دەشێت مەترسی لەسەر ژیانیان دروستبکات.

ئەو کەسانەی کە بەرهەنگی -ڕەبۆ-یان هەیەو ئەوانەش کە

نەخۆشـــییەکانی گورچیلەو جگەر و برینی گەدەیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی تووشـــی خوێنبەربوون دەبن، نابێت ئسپرین بخۆن. وێرای ئەمانە پێویستە ئەوەمان لەیادبێت خواردنی ئسپرین دەشێت ئەنجامی ساختەمان پێبدات لەکاتیشـــیکاریشـــەکریناومین.

کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی:

دەشـــێت خواردنی ئســـپرین لای هەندێك كەس بۆماوەیەکی دوورودرێژ ببێتە هۆی دەرکەوتنی ئەم نیشانانە:

- ئازارێکی توند لەگەدەدا.
- رشانەوە بەخوێنەوە کە لەدەنکۆڵەی قاوە دەچێت.
- خوێن لەپیسایی یان میزدا.
- زیبکەو خورانی پێست.
- هەڵئاوسانی رووخسار و پێڵووەکان.
- پژمین و رێشکەو پێشکەکردنی بەرچاو.
- زرنگاندنەوەی گوێ.
- بەئـاسـتـەمـی هـەنـاسـەدان بەتایبەتی لەو نەخۆشانەدا کە هەستیارییان هەیە بەرامبەری یان رەبۆیان هەیە یان هەوکردن و زیـادە گۆشتیان لەناو لووتدا هەیە.
- خواردنی ئسپرین لەگەڵ میسۆترکسات Methotrexate و ڤالپروتیس Valprotics وەك دیباکین وادەکات ببن بەماددەیەکی ژەهراوی.
- خواردنی ئســـپرین دژی هەندێك دەرمانـــی شـــلکردنەوەی خوێـــن دەوەستێت وەك کۆمادین و روفارین و دندیفـــان و دیکامـــارول، چونکـــە خوێنبەربوون زیـــاد دەکات لەوانەیە ببێتـــە هـــۆی خوێنبەربـــوون لەژنی دووگیانداو کێشـــەو خوێنبەربوونیش لەکۆرپەلـــەدا دروســـتبکات لەکاتی قۆناغەکانی گەشـــەکردنیداو ئەمەش وادەکات کێشـــی لەکێشی سروشتی کەمتربێتلەکاتـــیلەدایکبووندا.
- ئسپرین لەگەڵ شیری دایکدا دێتە خوارەوە و دەبێتە هۆی شلکردنەوەی خوێنی منداڵی شـــیرەخۆرەو ئەمەش لەوانەیە تووشـــی کۆنیشانەی -رای- کوشـــندەیبکات.
-خواردنی ئسپرین دژی ئەو دەرمانانە دەوەستێت کە بۆ چارەسەرکردنی دەردە شا بەکاردێت وەك بروبنسید و سلفیپرزونات، لەبەرئەوە دەشێت بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو فشاری خوێن دابەزێت و نەخۆش بەرچاوی ریشکەو پێشکە بکات و ببورێتەوە.
- خواردنـــی لەگـــەڵ نیـــترو گلسرینەکان وەك دای نیتراو نتروماك دژ دەوەستێت و ئەمەش دەبێتەهۆی ریشکەوپێشـــکەکردنی بەرچـــاو و بورانـــەوە.
- لەگـــەڵ ئـــەو دەرمانانـــەی میزپێکەرن و شـــەکر دادەبەزێنن یان لەگەڵ ئیســـترۆیدە دروستکەرەکان و کۆرتیزۆنـــەکانو دەرمانـــە ناستیرۆئیدییەکان کە ئازاری رۆماتیزم و هەوکردن کەمدەکەنەوە NSAIDS، تووشـــیبەیەکداچوونەدەبن.
- ئسپرین لـــەدوای خـــواردنی ئـیـبـۆپـرۆڤـین دەخورێت، چونکە بەمشێوەیە توانای دژی مەیینی خوێن دەمێنێتەوە. نابێت ئیبۆپرۆڤین لـــەدوای ئسپرین بخورێت، چونکە توانای ئسپرین بۆ رێگەگرتن لەمەیینی خوێن کەمدەکاتەوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی دەردانی



سرومبکسان کە مەیینی خوێن زیاددەکات.

- ئسپرین لەگەڵ دیکلوفنەکان Diclofenacs ناخورێت، چونکە ئەمەی دواییان لەگەڵ ئەنزیمی کوکس1 دا یەکدەگرێت بەپێچەوانەی ئیپۆپرۆفینەوە کە کارناکاتە سەر توانای ئسپرین بۆ شلکردنەوەی خوێن وپاراستنی لوولەکانی خوێن.
- خواردنی ئسپرین لەگەڵ پاراسیتامۆڵدا کارناکاتە سەر توانای بۆ شلکردنەوەی خوێن و پاراستنی لوولەکانی خوێن، بەڵام خواردنیان پێکەوە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەوانەیە نەخۆش دووچاری شکستهێنانی درێژخایەنی گورچیلەکان بکات، بەهۆی رووودانی تێکچوون تیایاندا.
- ئەو کەسانەی بۆ دەرمانەکانی رۆماتیزم یان رەنگە دەستکردەکان لەخواردنەوە خواردندا هەستیارێتییان هەیە، بەرامبەر بەئسپرینیش هەستیارن.
- بەر لەئەنجامدانی نەشتەرگەری نابێت ئسپرین بخورێت تا نەخۆش تووشی خوێنبەربوونی دووبارە بۆوە نەبێت.
- وەك یاساییەکی گشتی نابێت ئسپرین بۆ ماوەی زیاتر لەدە رۆژ بخورێت و لەحاڵەتی تا لێهاتن و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیشدا نابێت خواردنی ئسپرین زیاتر لەسێ رۆژ تێپەرێت.

دەرمانە هاوتاکانی دیکە

لەنێو ئەو دەرمانانەدا پاراسیتامۆڵ - ئەسیتامینوفین- دەرکەوت کە هیچ جۆرە ورووژاندنێك لەگەدەدا دروستناکات و ئازار هێوردەکاتەوە و پلەی گەرمی دادەبەزێنێت، بەڵام ئازاری پەلەکان ناشکێنێت و توانای شلکردنەوەی خوێنی نییە وەك ئسپرین.

بۆ ئەو کەسانەی ناتوانن یان نابێت ئسپرین بخۆن لەمنداڵ و گەورەدا پاراسیتامۆڵ بەئەلتەرناتیڤی ئسپرین دادەنرێت، چونکە توانای هێورکردنەوەی سەریەشەو کەمکردنەوەی پلەی گەرمی هەیە. منداڵ و گەورە بێ هیچ کێشەیەکی دیار دەتوانن بەرگەی بەکارهێنانی ئسپرین بگرن، بەڵام ژەمی زۆر لێی لەوانەیە جگەر تێکبدات بەتایبەتی لەوبارەدا ئەگەر نەخۆش خواردنەوە کهولییەکان بخواتەوە.

کۆمەڵێك دەرمان دەرکەوتن کە پێیان دەوترێت ئازارکوژ یان ئازارشکێن کە لەنێویاندا ئسپرین هەیە، بەهەموو جۆرەکانیەوە کە بەشێوەیەك کاردەکەن ئەنزیمەکانی کۆکس Cox دەکەنە ئامانج و بەم ئەنزیمانە دەوترێت سایکلۆئۆکسجینەیز Cyclo oxygenases کە دوو جۆرن کۆکس 1 کە وادەکات پەرەکانی خوێن بمەیێت و ئۆکس 2 هانی هەندێك لەماددەی کیمیایی دەدات لەئازار و هەڵئاوساندا دەستێوەردان بکەن کە دەبنە هۆی هەوکردنەکان. هەروەها ئەم دەرمانانە پەیوەندییان هەیە بەرێگەگرتن لەدەردانی ئەنزیمی هەوکردنەکانی دیکە وەك IKK Beta کە پەیوەندییەکی زیادەی بەزۆربوونی هەستیارێتی خانەکان

بەرامبەربەئنسۆلین هەیە.

دەرمانەکانی NSAIDS کە ئازارشکێنن و هەوکردنی ناسترۆیدی کەمدەکەنەوە وەك ماددەی ئیپۆپرۆفین یان بنروکسین یان ئیندومیسازین کیتوپروفین یان بیرو کسیکام یان دیکلوفیناك بەدەرمانی ئازارشکێن ناودەبرێن، ئەمانە ماددەی ناکۆرتیزۆنین و پلەی گەرمی لەکاتی تالێهاتندا دادەبەزێنن و ئازار دەشکێنن و ئازاری پێش سوری مانگانە و هەوکردنی ئێسك و جومگەکان لەگەورەو منداڵاندا هێوردەکەنەوە، بەڵام ورووژاندنێك

لەگەدەدا دروستدەکەن. لەگەڵ ئەم دەرمانانەدا نابێت ئسپرین بخورێت، چونکە پێکەوە خواردنیان دەبێتە هۆی سووربوونەوەی فرە شێوەی پێست Erythema multiform.

لەبەرئەوەی بەکارهێنانی دوو دەرمان -بۆ نموونە ئسپرین لەگەڵ یەکێك لەم دەرمانانە- کاریگەرییەکی بەیەکداچوونی خراپ دروستدەکات و ئسپرین لەگەڵ ئەم دەرمانانەدا توانایان هەیە بۆ وەستاندنی دروستکردنی بروستاگلاندینەکان Prostaglandines کە لێکچووی هۆرمۆنی کیماییـن و کاریگەرییان جیاوازی هەیە لەکوکسەکان و پەرپرسن لەدەرکەوتنی جۆرەکانی ئازار و هەوکردنەکان، بەڵام ئسپرین لەنێو ئەم دەرمانانەدا ئەگەر بەژەمی شیاو و گونجاو بخورێت، جیاواز و ناوازەیە، چونکە ژەمی زیادەی ئسپرین کاریگەری خراپ لەسەر جگەر دروستدەکات و دەبێتە هۆی زەردوویی و رشانەوە و ریشکەوپێشکەکردنی چاو و زرنگانەوەی گوێ و سەریەشەو زیپکەی پێست و سکچوون و کێشەکانی گەدەو خەواڵویی و غازات وبلەکزێ.

لەگەڵ زۆر بەکارهێنانیشدا دەبێتە هۆی تووشبوون بەبرینی گەدە. هەروەها ئەم دەرمانانە لەگەڵ ئسپریندا بەکارنایەن، چونکە ئازار لەگەدەدە یان مەیینی خوێن دروستدەکەن، هەروەها ئەم دەرمانانە ناکرێت وەك ئەلتەرناتیڤی ئسپرین بەکاربێت بۆ خۆپاراستن لەکێشەکانی دڵ و شلکردنەوەی خوێن و کەمکردنەوەی مەیینی خوێن بۆ کەمکردنەوەی روودانی جەڵتە، هەرچەندە ئسپرین لەوانەیە لەگەڵ درێژبوونەوەی ماوەی بەکارهێنانی یان خواردنی بەژەمی زۆر، دەبێتە هۆی خوێنبەربوونی گەدە.

هۆشـمەندییەکان:

کۆنیشانەی رای Raye Syndrome (5) نەخۆشییەکە هەڕەشە لەژیانی مرۆڤ دەکات لەئەنجامی خواردنی ئسپرین و لەدوای توشبوون بەڤایرۆس یان نەخۆشییە درمەکانی وەك دڕکەو مێکوتەو ئەنفلۆنزاو هەوکردنە تیژەکانی کۆئەندامی هەناسە، لەسەر ئەو کەسە دەردەکەوێت، ئەمەش دەشێت کاربکاتە سەر جگەر و مێشك، ئەم نەخۆشیەش نیشانەکانی گۆڕاون، لەوانەیە مامناوەندو سووك یان سنوردار بن یان بەخێرایی پەرەبسێن و لەماوەی چەند سەعاتێك لەڕوودانیدا ببێتە هۆی مردن و بەزۆری کیس لەمێشکدا دروستدەبێت. لەوانەشە نەخۆشییەکە لەهەر قۆناغێکدا بوەستێت لەگەڵ چاکبوونەوەی تەواو لەماوەی 6-5 رۆژدا و نەخۆش ئاسایی دەبێتەوەو جگەری بەشێوەیەکی سروشتی دەستدەکاتەوە بەکارکردنی خۆی.

ئسپرین تەنانەت ئەگەر ئسپرینی مندڵیش بوو نابێت لەکاتی توشبوون بەئەنفلۆنزاو سەرمابوون و دڕکەو مێکوتە بەمنداڵانی خوار 12 ساڵ بدرێت، چونکە دەبێتە هۆی تووشبوون بەکۆنیشانەی رای، کە دەبێتە هۆی مردنی کتوپڕ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تووشی کۆئەندامی دەمار و جگەر دەبێت و کیس لەمێشکدا دروستدەکات. ئەوانەی تووشی کۆنیشانەی رای دەبن، دەمرن یان رزگاریان دەبێت، بەڵام بەو تێکچوونەوە دەژین کە لەمێشکیانداروویداوە.

کاتێکیش ئەسپرین بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئازاری جومگە یان رۆماتیزم بۆماوەی دوور و درێژ بەمنداڵ دەدرێت پێویستە راوێژ بەپزیشکی پسپۆڕ بکرێت. بەگشتی لەم بارانەدا نابێت لەماوەی دە رۆژ دوا بەدوای یەك زیاتر بەکاربێت، هەربۆیە کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئسپرین هۆشمەندی لەسەر پاکەتی ئسپیرینەکە دەدەن، چونکە وەك وتمان پەیوەندی لەنێوان ئسپرین و کۆنیشانەی رای- دا هەیە، لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم هۆشمەندییە دەربارەی ئسپرین تێبینی دابەزینی رێژەی تووشبوونی منداڵان بەم کۆنیشانەیە کراو دایك و باوکان زیاتر بەئاگابوون لەبەکارهێنانی لەخۆوەی ئسپرین بۆ منداڵەکانیان لەکاتی نەخۆشیدا. بەڵام بەداخەوە ئەمجۆرە هۆشیاری و هۆشمەندییە لای خۆمان هێشتا بڵاونەبۆتەوە، هەرچەندە لەلایەن دەستەی خۆراك و دەرمانی ئەمریکییەوە دەرکراوە کە سەرچاوەی تەندروستی هەموو دەسەڵاتە تەندروستییەکانەلەجیهاندا.

دواجار دەڵێین ئسپرین سەد دەر سەد دەرمانێکی ئەمین و سەلامەت نییە، بۆیە پێویستی بەهۆشیاری هەیە لەبەکارهێنانیداو بەهیچ شێوەیەك نابێت لەخۆوەو بێ هیچ کۆت و بەندێك بەکاربێت، پێویستە پزیشکانیش بەرچاوڕۆشنی تەواویان دەربارەی ڕەهەندەکانی چارەسەرکردن بەهۆی ئسپرینەوە هەبێت ئەگەرنا بەنیازپاکی خۆیان دەبنە هۆکار بۆ روودانی کارەسات و کێشە بۆ نەخۆشەکانیان. کەواتە پێویستە لەبەکارهێنانی ئسپریندا بەئاگابین بەتایبەتی لەکاتێکدا کە هیچ کۆت و بەند یان هۆشمەندییەك نییە دەربارەی بەکارهێنانی یان کڕینی لەدەرمانخانەکان.

زانیاری گشتی دەربارەی ئسپرین

ناوی یاسایی ئسپرین ترشی ئەستیل ئۆکسی بنزویك 2 شێوگی گەردیەکەی C9H8O4 و ژمارەی CAS-ەکەی (50-78-2) ە، ژمارەی بازرگانی ئەوروپی EINECSەکەی 1-064-200 و هێمای ATCەکەی A01AD05، Pubchemەکەی 2244 و بارستاییە مۆڵییەکەی 180,15724گم/مۆڵ، PKaەکەی 3,5، لەجۆری ماددەی رەقەو چڕییەکەی 1,40گم/سم3 و پلەی توانەوەی 138 پلەی سیلیزییە و پلەی کوڵاندنی 140 پلەی سیلیزییە.

پەراوێزەکان:

1. سنگەکوژێ بەلاتینی پێیدەوترێت Pectoris angina کە بەهۆی کەموکوڕی رۆیشتنی خوێن بۆ ماسولکەی دڵ روودەدات.

سنگەکوژێ بریتییە لەو نیشانانەی تووشی نەخۆش دەبێت کاتێك خوێنی رۆیشتوو لەخوێنبەرەکانی تاجی کە خوێن بۆ ماسولکەکانی دڵ دەبەن تووشی کەموکوڕی دەبێت، ئەمەش بەهۆی ناهاوسەنگییەوە ڕوودەدات لەنێوان بڕی بەکارهێنانی ئۆکسجینی پێویست و بڕی گەیشتنی ئۆکسجین کە بەزۆری بەهۆی ڕەقبوون و تەسکبوونەوەی خوێنبەرەکانی تاجییەوە ڕوودەدەن و ڕێگە دەگرن

لەگەیشتنی خوێن بەپێی پێویست و هەندێکجاریش بەهۆی زیادبوونی پێویستی دڵ بەئۆکسجین ڕوودەدات هەرچەندە خوێنبەرە تاجییەکان کاری خۆشیان دەکەن، وەك لەحاڵەتەکانی گەورەبوونی دڵ بەهۆی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن یان تێکچوونیماسولکەییڕوودەدات.

نیشانەکانی سنگەکوژێ: ئازارێکی تایبەتی لای چەپی دڵ و لەپشت ئێسکی کۆڵەکەی سنگەوە و ئازارەکە لەجۆری پەستێنەرە وەك چۆن بلێیت فشار دەخاتە سەر ئەو شوێنانە، لەوانەیە ئازارەکە بۆ قۆڵی چەپ و ژێر گەردن و شەویلگەی خوارەوەو دەستی چەپ درێژ ببێتەوە و هەندێکجار بۆ پشتیش یان سەرووی سك دەڕوات.

ئەم ئازارە زۆر لەو ئازارە دەچێت کە لەکاتی هیلاکیدا مرۆڤ هەستی پێدەکات، بەڵام بەداخەوە نامێنێت.

بێگومان هۆکاری دیکە زۆرن بۆ ڕوودانی ئازارەکانی سنگ، بۆیە پێویستە لەگەڵ هەستکردن بەئازار لەو ناوچانەدا ڕاستەوخۆ ڕاوێژ بەپزیشك بکرێت و هەندێك پشکنین بۆنەخۆشەکەئەنجامبدرێت.

گرنگترین ئەو نەخۆشیانەی کە دەبنە هۆی گیرانی خوێنبەرەکانی و دواجار تووشبوون بەسنگەکوژێ نەخۆشییەکانی ڕەقبوونی خوێنبەرەکانەو بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ و شەکرەیە و بەرزبوونەوەی فشاری خوێنە، لەوانەیە ڕۆیشتنی خوێن بەتەواوی لەیەکێك لەلقەکانی خوێنبەرەکانی دڵ بوەستێت لەئەنجامی ئەو مەیینەی لەیەکێك لەبەشە تەسکەکاندا ڕوودەدات و بەمەش بەتەواوەتی خوێن لەگەیاندنی ئۆکسجین بۆ ئەو بەشە -ماسولکە دەوەستێت و ماسولکەکە دەمرێت، لەمبارەدا نیشانەکان لەنیشانەکانی سنگەکوژێ جیاوازدەبێت و لەوانەیە ماوەی درێژتر بخایەنێت لەوانەیە لەکاتی حەوانەوە یان نوستن ڕووبدات و هاوکات دەبێت لەگەڵ هەستکردن بەدڵتێکەڵاتن و ئارەقکردنەوەیەکی زۆر یان بەشێوەی بەدهەرسیدەردەکەوێت.

هۆکارەکانی سنگەکوژێ: کەڵەکەبوونی مادده چەورییەکان لەدیواری خوێنبەرەکانی تاجیدا کە لەتەمەنێکی زووەوە بەر لەقۆناغی ڕەسیوبوون دەستپێدەکات، بەیەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی سنگەکوژێ دادەنرێت، بەردەوامبوونی کەڵەکەبوونی چەوری لەگەڵ ڕوودانی هەندێك کاریگەری لاوەکی لەناو ئەو چەورییە کەڵەکەبووانەدا وەك وەك خوێنبەربوون و برینداری و بوون بەکلس دواجار خوێنبەرەکان تەسکدەکەنەوە یان بەتەواوەتی دایدەخەن و ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکان: هەندێك فاکتەری مەترسیدارش هەیە کە دەبنە مایەی خێراکردنی ڕەقبوونی خوێنبەرەکان وەك بەساڵاچون و ڕەگەز -بەزۆری لەڕەگەزی نێردا زیاتر وەك لەمێ لەپێش وەستانی سوڕی مانگانە،ڕوودەدات.

هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەی کۆلیسترۆڵ و فشاری خوێن و جگەرەکێشان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لەڕوودانی سنگە کوژێدا، هەندێك فاکتەری لاوەکیش هەن وەك دابەزینی ڕێژەی چەورییە قورسە چڕەکان لەخوێندا، ڕوودانی ڕەقبوونی خوێنبەرەکانی تاجی لەخێزاندا -واتە وەك بۆماوە گوێزرابێتەوە- بەتایبەتی لەتەمەنی منداڵیدا، نەخۆشی شەکرە، قەڵەوی یان کێش زۆری لەڕادەبەدەر، کەم جوڵەیی و هەندێك جۆری هیلاکبوون و شەکەتی ئەقڵی یان دەروونی.

2. ڕۆماتیزم: لەچلەکانی سەدەی بیستدا ڕۆماتیزم وەك زانستێکی سەربەخۆ بەناوی زانستی ڕۆماتیزم Rheumatology دەرکەوت، ڕۆماتیزم ژمارەیەکی زۆر نەخۆشی دەگرێتەوەو ئەم ژمارەیە بەردەوام لەزیادبووندایە، ئاسانترین پۆلینی ڕۆماتیزم ئەو پۆلینەیە کە بۆ دە بەش جیایدەکاتەوە، کە ئەمانەن: نەخۆشییەکانی بەستەرە شانەکان، هەوکردنی ڕۆماتیزمی لوولەکانی خوێن، تێکچوونی بڕبڕەکان، هەوکردنی جومگەکان کە پەیوەندییان بەنەخۆشییە درمەکانەوە هەیە، تێکچوونە ڕۆماتیزمییەکانی پەیوەندییان بەنەخۆشییەکانی میتاپۆلیزمەوە هەیە یان پەیوەندییان بەکوێرە ڕژێنەکانەوە یان خوێنەوە هەیە، تێکچوونەکانی ئێسك و کرکراگەکان، تێکچوونە زگماکی و بۆماوەییەکانی پەیوەندییان بەکۆنیشانەی ڕۆماتیزمەکانەوە هەیە، تێکچوونەکانی کۆئەندامی ئێسکە پەیکەری ماسولکەیی ناجومگەیی، وەرەمەکان و ئەو نەخۆشیانەی

تێکچووی وەرەمەکانن و چەندەها تێکچوونی ڕۆماتیزمی یکە.

3. بی: بەلاتینی پێی دەوترێت Salix، لەهێلکارییە کۆنەکانی سۆمەری وفرعەونیەکاندا ئاماژەی پێدراوە، لەنیوەی باکوری گۆی زەوی لەناوچە شێدارەکاندا گەشەدەکات. داری بی لەزۆرێك لەناوچەکانی جیهاندا لەقەراغی رووبار و جۆگەو کانیەکاندا ڕووێنراوە تا گوند نشینەکان سوودی لێوەربگرن بۆ مەبەستی دروستکردنی سێبەر و گلدانەوەی باری ساردی زستان و بای گەرمی هاوین، هەروەها لقە وردەکانی وەك داری سوتەمەنی بەکاردێت، درێژی هەندێکیان دەگاتە 30مەتر و هەندێکیان کورتن و تەنیا سێ مەترن، توێکڵی داری بی ئەو ماددەیەی تیادایە کە ئەسپرین ناسراوە.

4. سەریەشە: بەئینگلیزی پێی دەوترێت Head ache، ئازارێکە لەسەردا یان پێستی سەر یان ملدا، هۆکاری سەرەکی سەرجەم جۆرەکانی سەریەشە نەزانراوە، زۆر کەس بەگۆڕینی شێوازی ژیانیان باش دەبن یان کاتێك فێردەبن چۆن بحەوێنەوە یان دەرمانی گونجاوبەکاردەهێنن.

سەریەشەی گرژبوونی هەیە کە هۆکارەکەی رەقبوونی ماسولکەکانی شان یان مل یان پێستی سەر یان شەویلگە، هۆکاری ئەمەش هیلاکی و خەمۆکی و دڵەراوکێیە. یان بەهۆی کارکردنی زۆرەوە یان کەم خەوی یان خواردن یان خواردنەوە کهولییەکان یان دەرمانی بێهۆشکەرەوە. خواردنی ماددەی tyramine لەشوکولاتەو پەنیر و چەرەسدا، یان ماددەی گلوتوماتی تاك سۆدیۆم MSG کە دەکرێتە گۆشتی هەڵگیراوەوە، ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی سەریەشە. ئەو کەسانەش کە ماددەی کافایین لەچا یان لەقاوە یان کۆلاوە وەردەگرن لەوانەیە هەست بەسەریەشە بکەن ئەگەر ئەو برە بەو شێوەیە نەخۆن کە ڕۆژان خواردوویانەتەوەو لەسەری ڕاهاتوون. لەهۆکارە باوەکانی دروستبوونی سەریەشە لەوانەیە ئەو ئەندامانە بن کە لەسەردا، چونکە سەر لەئەندامە هەستیارەکانی جەستەیەو دەماخ و چاو و گوێ و ئێسکی کاسەی سەر و ماسولکەکانی دەم و چاو و لووتە گیرفان وخوێنبەرەکان و......هتد تیادایە. هەندێك ئەندام لەسەریشەوە دوور، بەڵام دەشێت ببێتە هۆی دروستکردنی نۆرەی سەریەشە. ئەم جۆرە سەریەشەیە شێوەو جۆری هەیە، دەشێت پچڕ پچڕ بن یان بەردەوام بێت، لەوانەیە مانگانە یان هەفتانە یان ڕۆژانە نەخۆش هەستی پێبکات یان نۆرەی سەریەشەکە چەند سەعاتێك بخایەنێت، توندییەکەی جیاوازە و لەنێوان سووکە ئازارێك و ئازارێکی مامناوەندی دەگۆڕێت بۆ هەستکردن بەئازارێکی توند. لەوانەیە ئازارەکە لەناوچەواندا یان لاجانگەکان یان نزیك چاو یان پشتی سەر بێت و دوایی بۆ لایەکی سەر یان هەردووکیان بگوێزرێتەوە.

دەشێت ڕشانەوەو تێکچوونی بواری بینین و مەزاجی، لەگەڵدا بێت. سەریەشە لەوانەیە ئەندامی بێت بەهۆی سووکە بەرکەوتن یان زەبرێك بۆسەر یان تا لێهاتنەوە یان وەرەم یان بەرزبوونەوەی فشاری خوێنەوە یان تێکچوونەکانی چاوەوە وەك هەوکردنەکانی گلێنەی چاو یان دروستبوونی کێم یان زیبکەو کیس یان گلوکوما یان هەوکردنی لووتە گیرفانەکانەوە یان هەوکردنی گوێی ناوەڕاست یان کێشەکانی ددان یان قەبزی یان نیشانەکانی پێش سوڕی مانگانەوەڕووبیدات.

5. کۆنیشانەی ڕای: بریتییە لەکۆمەڵێك ئاماژەو نیشانە کە ساڵانە تووشی نزیکەی 200-300 منداڵ دەبێت و حاڵەتێکی دەگمەنە تەنیا تووشی ئەو منداڵانە دەبێت کە تەمەنیان لەخوار 18 مانگیەوەیەو بەزۆری لەوەرزی پاییز و زستاندا ڕوودەدات و نەخۆشییەکە بریتییە لەڕوودانی پشێوییەك لەچالاکی دەماخدا لەگەڵ ڕۆچوونی یان دزەکردنی ماددەی چەوری بۆجگەری منداڵ بەهۆی ئەوەوە کەوا گریمانە دەکرێت هەوکردنێکی ڤایرۆسی لەگەڵ خواردنی ئەسپریندا ڕووبدات لەو منداڵانەی کە تەمەنییان لەخوار 18 مانگەوەیە، نیشانەکانی لەشێوەی ڕشانەوەو دڵ تێکەڵهاتن و گێژبووندا دەردەکەوێت و لەوانەیە بگاتە پلەی بێهۆشی.